# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

## ڕاپۆرتی بارودۆخ  ژمارە. ١٢ (١٣ی ئەیلول – ١٩ی ئەیلول)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ١٣ی ئەیلول هەتا ١٩ی ئەیلول لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەڕەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان بە لیيستێك دانراون لەو ڕاپۆرتە چیتر دەقیق نەبێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری  ٢٦ی  ئەیلول دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




*The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations.*

- لێشاوی ١٧١٥٠٠ ئاوارە لە نەجەف و کەربەلا و دیوانیە بارگرانی خستۆتە سەر ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ.
- ئاوارەکان لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان و لە شوێنی کراوە یان قوتابخانەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. پلانێکی سیستەماتیکی پێویستە بۆ گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی شیاو و دووبارە دامەزراندنەوەی قوتابخانەکان پێش دەستپێکی چالاکیە پەروەردەییەکان.
- لەوەتەی ٧ی ئەیلول ٩٠٠ خێزانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە بۆ قەزای بچووکی ئەلقوش.
- وەزارەتی تەندروستی هاوکاری کراوە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف، هەڵمەتێکی کوتانی دژی ئیفلیجی نیشتمانی پێنج ڕۆژەی بۆ ٥,٨ ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی ٥ ساڵی بە ئەنجام گەیاند.

## تێروانینێکی بارودۆخەکە

هاوپەیمانێتی کلتور و ڕێساو زمان لەلایەن ١,٨ ملیۆن خەڵکی ئاوارە لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤ بۆتە هۆی بارگرانی لەسەر کۆمەڵگا. ژمارەی زۆری پەرتەوازەیی ئاوارەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان لە گروپی نەتەوەی جیاواز بەیەکەوە دەرکراون. ئێستا ئەوان لە پێشبڕکێ دان بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی سنوردار و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان خراپ بوونە بەهۆی بارودۆخی ئابووری.

ئاوارەکانی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بە دوای شوێنی نیشتەجێبوون دەگەڕێن لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان، لە شوێنی کراوە یان قوتابخانەکان. ئامادەیی خەڵکانی ئاوارە لە قوتابخانەکان بۆتە هۆی دواکەوتنی دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤. هەرێمی کوردستان – عێراق پارێزگای دهۆك زۆرترین زیانی بەرکەوتووە، لەگەڵ ٦٧٢ قوتابخانە کە بەکارهێنراون بۆ شوێنی نیشتەجێبوون لەلایەن ئاوارەکان. لە قەزای شێخانی پارێزگای دهۆك ڕاپۆرتکراوە کە ئاوارەکان لە ٤٠ قوتابخانە لابراون لە کۆی ٤٦ قوتابخانەی داگیرکراو، بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاری جێگرەوە بۆیان دابین بکرێت. گواستنەوەی ئاوارەکان لە قوتابخانەکان ئەولەویەتێکە بۆ حکومەت و ئاژانسە مرۆییەکان، هەردووکیان بۆ

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report


The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to mobilize and coordinate effective and principled humanitarian action in partnership with national and international actors.
Coordination Saves Lives

ڕێگەدان بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پەروەردە و دوورخستنەوەی هەر نارەحەتیەك کە بەرەو ڕووی ئاوارەکان دەبێتەوە لە بێزارکردنی کۆمەڵگای خانەخوێ بۆ دەست گەیشتن بە پەروەردە. پلانی سیستەماتیکی داواکراوە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە ئاوارەکانی لە قوتابخانەکان گواستراونەتەوە دەستیان دەگات بە شوێنی نیشتەجێبوونی شیاو و بۆ دڵنیاکردنەوەی دووبارە دامەزراندنەوەی ژێرخان پێش دەستپێکی چالاکیە پەروەردەییەکان.

هەندێ لە ئاوارەکان دەستیان بەگەڕانەوە کردووە بۆ ماڵەکانیان لە ئەلقوش (نزیکەی ٩٠٠ خێزان دەبن، ٥٦٠٠ خەڵك) و لە ناوچەکانی زوومار و پارێزگای موسڵ. هاوکاران دەستیان بە دابەشکردنی کۆمەکی کردووە لە زومار و هەڵسەنگاندنێکی ئاژانسی ناوەخۆ و نێردەی وەڵامدانەوە پلانی بۆ دانراوە لە ئەلقوش.

لە کەرکوك، سنوردارکردن بۆ هاتنەژوورەوەی ئاوارە نوێیەکان بە بەردەوامی ڕاپۆرت دەکرێ. نرخەکانی کرێ لە ناوچەکانی کە زۆرترین دانیشتوانی ئاوارەی لێیە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. هاونیشتمانیانی کەرکوك سەرزەنشتی خاوەن زەویەکان دەکەن بۆ هەڵقۆستنەوەی کەمی خزمەتگوزاریەکان، و ئاوارەکان فشار دەخەنە سەر بازاڕ. زۆربەی ئاوارەکان لە کۆمەڵگا خانەخوێکان ڕاپۆرتکراون کە دەوترێ بۆ چاکەی ئاوارەکانە کە بخرێنە کەمپەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی کە ئایا ئەوان دەتوانن باجی خزمەتگوزاری بدەن یان نا.

شکستی دارایی بۆ ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لە ئۆپەراسیۆنی ئاوارەی عێراق فشار دەخاتە سەر ڕێکخراوی پرۆگرامی جیهانی کە لە مانگی ١٠ میکانیزمی خۆی لە پسوولە بگۆڕێت بۆ هاوکاری خۆراك بۆ ٧٠٠٠٠ ئاوارەی سووری لە دۆمیز. خۆراك پێدانی قوتابخانە بۆ ١٢٠٠٠ منداڵی سووری ئەویش ڕاوەستاوە. ئاستی هاوکاری بۆ هەموو ١٠٠٠٠٠ سوودمەندانی خۆراکی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی کە لە کەمپی ئاوارەکان دەژین (نزیکەی ٦٥٠٠٠ لەوانە ئافرەت و منداڵ بوون) کەم دەکرێنەوە. دابەشکردنی خۆراك دەبڕدرێ بۆ هەر پارچەیەکی خۆراك بۆ هەر تاکێك بۆ هەر مانگێك بۆ دوو پارچەی خۆراکی بۆ هەر خێزانێك بۆ هەر مانگێك، بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارەی خێزان. ئەو شکستە داراییە بۆ وەڵامدانەوەی ئاوارەکان فشارێکی زۆر دەخاتە سەر سەرچاوەی ناوەخۆ لە هەندێ کۆمەڵگای خانەخوێ، کە پێش وەختە لە ژێر لێشاوی ئاوارەکان دایە.

نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سکرتێری گشتی ئامادەی کۆبوونەوەیەك بوو سەبارەت بە ئاوارەکان لەگەڵ کەسایەتی ئاست بەرزی سیاسی لە بەغدا لە ڕۆژی ١٣ی ئەیلول. سەرۆك وەزیران حیدر عبادی بەڵێنی داوە کە بەرزکردنەوەی هاوکاری حکومەت بۆ ١,٨ خەڵکی ئاوارە لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤. بڕیارێك بۆ هەڵپەساردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی عێراق و هێرشە ئاسمانیەکان، هەتا لە ناوچەکانی داگیرکراو لەلایەن داعشەوە، گیراوەتە بەر بۆ دوورخستنەوەی قوربانیە مەدەنیەکان. سەرۆکی شیعە مەزهەب عمار ئەلحکیم پەلەی لە حکومەت کرد بۆ بەردەوامی دان بە هاوکاریە داراییەکەی بۆ ئاوارەکان.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی تەندروستی و خاوێنکەرەوە

پێویستیەکان:

- لێشاوی ئاوارەکان ١٧١٥٠٠ ئاوارە لە نەجەف و کەربەلا و دیوانیە بارگرانیەکی گەلێك زۆری خستۆتە سەر ئاوی شارەوانی و ژێرخانی خاوێنکردنەوە. گرووپەکە یارمەتی نزیکەی ٢٥٦١٠ سوودمەندبوو دەدات لە نەجەف، و ١٤٧٧٠ لە کەربەلا و ١٠٠٣٠ لە دیوانیە. دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ داوای هاوکاری گرووپەکان دەکەن بۆ باشترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان کە لە شوێن نیشتەجێ ی نافەرمی ژیان بەسەر دەبەن. پێویستیەك هەیە لە هۆشیاری فراوانکردنی پێداویستیەکان لە نێوان ئاوارەکان لە نەجەف و کەربەلا و پارێزگاکانی باشور.

- خەڵکی ئاوارە لە ناو ٨١ قوتابخانە لە کۆی ٦٧٢ قوتابخانە کە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێ کراوە لە پارێزگای دهۆك چۆڵکراون. پێویستیەکی بەپەلە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ پڕکردنەوەی داواکاریەکان، هەروەها هاوکاریکردنی دووبارە دامەزراندنەوەی ئاسانکاریەکانی ئاوئاوەڕۆی قوتابخانە. لە ئامادەکردن دایە بۆ گەڕانەوەی قوتابیەکان.

وەڵامدانەوە:

- ٢٣٥٣٠ ئاوارە کۆمەکی فریاگوزاری ئاووئاوەڕۆیان بۆ دابینکراوە و ڕاهێنانیش بە ئاوارەکان دراوە بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی ئاوی زێراب لە پارێزگای میسان لە شارۆچکەی عمارە.

- ٤٩٢ ئاوارە نزیکەی ١٠ لیتری ئاو بۆیان دابینکراوە (کۆی ٥٠٠٠ لیتر و ئاسانکاریەکانی خاوێکردنەوەش لە پارێزگای کەربەلا لە گوندی فریا دابین کراوە.

- لە پارێزگای ئەنبار تانکەرەکانی ئاو ڕۆژانە ٣٦٠٠٠٠ لیتری ئاو دەگەیەنن بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ١٧٠٠٠ ئاوارە لە هیت، کوبەیسە، فورات و ماموره فەلوجە و حەببانیە. ئەمە هاوشێوەی نزیکەی ٢١ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك. نزیکەی ١٢ تەن خۆراك ڕۆژانە کۆکراونەتەوە.

- لە پارێزگای سلێمانی کەمپی گواستراوەی عەربەت پێداویستیەکانی ناوماڵ، گالۆن و ٥٠٠ لیتری تانکەری ئاو دابەشکراون. ئاوارە سووریەکان پێش وەختە راهێنانیان پێ کراوە لە هۆشیاری پێداویستی کە پرۆگرامێکی بەرزکردنەوەی پێداویستی جێبەجێ کرد بۆ ئاوارەکان. ٤٠٠٠٠ لیتری ئاو ڕۆژانە دەکرێتە تانکەرەوە و لەلایەن ٨ تانکەری ئاو لە عەربەت. لە کۆی ١٧٥ تەوالێت و ١٧٥ تەوالێت و ٧٠ حەمام کار دەکەن لەگەڵ ئەوانی تر چاککراوەتەوە. ٨٠ تەوالێتی تر و ٨٠ حەمامی تر پلانیان بۆ دانراوە.

- ٣٥٠ خێزانی ئاوارە بەم دواییە گەیشتنە خانەقین لە کەمپی گواستراوەی عەلیاوە. کەمپەکە توانای ١٠٠٠ خێزانی هەیە لە خۆبگرێت و وە ئێستاش ١٤٨٠ خێزانی تێدا نیشتەجێن. گروپەکە ١٣٥٠ پێداویستی ناوماڵ و ١٣٥٠ سەتڵ و ٧٥ سەلەی زبڵ کۆکردنەوەی بەسەر دانیشتوانی ئاوارە لە کەمپەکەدا دابەش کردووە. گروپەکە بەردەوام دەبێ لە گەیاندنی ئاو ڕۆژانە بە بەکارهێنانی تانکەری ئاو کە ١١٤٠٠٠ لیتری ئاو دەگرێت بۆ عەلیاوە هەتا مانگی ١٠، بۆ تەواوکردنی بیری ئاو، بۆ دڵنیاکردنەوەی کەمترین ٢٠ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك لە ڕۆژێکدا.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- چاڵاکی سەربازی داخراوە لە زۆربەی شەقامەکان لە ناو پارێزگای ئەنبار لە قەزای فەلوجە، ڕێگری دەکات لە گەیاندنی ئاو بۆ سوودمەندبووان.

- ئەمن و ئاسایشی شەقام و سنورداركردنەكان لە بەغداوە بۆ پارێزگاکانی باشور، هەروەها لە بەغداوە بۆ ئەنبار، بەردەوامە لە خراپترکردنی وەڵامدانەوە.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- نزیکەی ١,٨ ملیۆن خەڵك لە عێراق ئاوارەبوون لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤ و پەرش و بڵاوبوونەتەوە لە نزیکەی ١٥٠٠ شوێن. پێنج پارێزگا لە سەدا ٧٣ی ئاوارەکان لەخۆ دەگرن. زۆرترین ژمارەی ئاوارەکان کە جەختی لەسەر کراوەتەوە لە پارێزگاکانی دهۆك بە ٥٢٠٤٤٥ ئاوارە و لە ئەنبار ٣٧٠٣٨١ ئاوارە و لە هەولێر ١٨٤٠٠٦ ئاوارە و لە کەرکوك ١٢٨٠٤٢ ئاوارە و لە بەغداش ١٠٩١١٣ ئاوارە هەن.

- ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان دووچاری پێشبرکێ ی پێویستی دەبنەوە و بێ هیوابوونی تەواو لە ژیان، بەتایبەتی لە پارێزگای ئەنبار و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە دهۆك و هەولێر. کۆمەڵگا خانەخوێکانیش دووچاری کەمی خۆراك و بەرزبوونەوەی نرخ و گرانی بازار دەبنەوە.

پێویستیەکانی کە دەستنیشانکراون.
- ڕووبەرێکی گەورە لە دابەشکردنەکان لەسەرتاسەری چەندین ناوچەی جوگرافی.

وەڵامدانەوە:

- گروپی ئاسایشی خۆراك لە ٢٤ی ئاب بۆ ٧ی ئەیلول لە ١٢ کۆبوونەوە ئامادەیی هەبووە کە نیگەرانی بەڕێوەبردنی زانیاری و ئاسایشی خۆراك و بەڕێوەبردنی کەمپە. ڕێکخەری گروپ کۆبوویەوە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باسکردنی وەڵامدانەوەکانی ئاسایشی خۆراك. کارێکی بەرچاوی مرۆیی ئاراستە کراوە بەرەو پارێزگای دهۆك، وەکو دەرئەنجامێك لەتەرکیزکردنی گەورەترین دانیشتوانی ئاوارە. هاوکاری خۆراکی خێزانی لەوەتەی ١٥ی ئاب لە پارێزگای دهۆك لە ١٦٨٠٠٠ سوودمەندبوو بەرزبۆتەوە بۆ ١٧٥٠٠٠ سوودمەندبوو.

- هەموو چێشتخانە مەیدانیەکان داخراون لەگەڵ بێجگە لە بالەخانەی کەمپی ئاوارەی خانکێ لە پارێزگای دهۆك. داخرانەکەی بەم زووانە پێشبینی دەکرێ و هاوکاری خۆراکی جێگۆرکی ی پێ دەکرێ لەگەڵ پاکێتی خۆراکی خێزانی. هاوکاری هێشتا دەگەیەنرێن بەهۆی خۆراکی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ ئاوارە نوێیەکان لەسەر جۆری کەیسەکە.

- گروپەکە خۆی ئامادە دەکات بۆ جولەپێکردنی هاوکاری خۆراکی بۆ زومار و گوندەکانی دەوروبەری لە پارێزگای موسڵ لەدوای گەڕانەوەی ئاوارەکان.

- هەڵبژاردەکان بۆ پێناسەکردنی تەداخولی نوێ پشتڕاستکراوەتەوە و ڕێکخستنی میکانیزمەکان لەگەڵ هاوکارانی گروپەکە دامەزراون بۆ پسوولەکان و چەکی پارە و چاڵاکیەکانی هاوکاری بازاڕ لە پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی وهەولێر.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- سەرەڕای باشتربوونی دەستگەیشتنی مرۆیی لە هەندێ ناوچە، ململانێکە بەردەوامی هەیە لە قورسکردنی دەستگەیشتن بە زۆربەی ئاوارە زیان بەرکەوتووەکان.

- زیادبوونی پێشبینیکراو لە ژمارەی ئاوارەکان فشار دەخاتە سەر توانای ئێستای دانیشتووانی خانەخوێ و کەمپەکانی ئاوارەکان.

## شوێنی حەوانەوە و ماددەکانی کە خۆراك نین

پێویستیەکان:

- لە نێوان ٨٦٠٠٠٠ خەڵك ئاوارەبوون بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤، هەڵسەنگاندنەکان نزیکەی ٤٨٠٠٠٠ خەڵکی دەستنیشانکردوون کە پێویستی بەپەلەیان هەیە لە شوێنی نیشتەجێبوون و هاوکاری بۆ وەرزی زستان.

- لە ١٤ پارێزگاکەی تر، ٩٤٠٠٠٠ خەڵك ئاوارەبوون و هەڵسەنگاندنەکان ئاماژە دەکەن کە لە سەدا ٧٠ ٦٦٠٠٠٠ ئاوارە پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە. لەسەدا ٣٠ کە ٢٠٠٠٠٠ خەڵکن داوای هاوکاری شوێنی نیشتەجێ دەکەن و لەسەدا ٧٠ کە دەکاتە ٤٦٠٠٠٠ خەڵك کەل و پەلە سەرەکیەکانیان نیە کە خۆراکی نین.

- لەسەرتاسەری عێراق ٦٨٩٨٣ خاوەن ماڵ قوتابخانەکان و سەنتەرەکان و باڵەخانە ئاینیەکان بەکاردێنن بۆ شوێنی حەوانەوە. چۆڵکردنی ئاوارەکان لە قوتابخانەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی جێگرەوە بریتی یە لە کاری سەرەکی.

وەڵامدانەوە:

- لە پارێزگای دهۆك، ٦٧٢ قوتابخانە داگیرکراوە لەلایەن ئاوارەکان، ٨١ لەو قوتابخانانە تاوەکو ئێستا چۆڵکراون بۆ ڕێگەدان بە دووبارە دامەزراندنەوەی باڵەخانەکان تاوەکو ڕێگا بە دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٤/٢٠١٥ی دواخراو بدات.

- لە کۆی ئەو ١٤ کەمپەی ئاوارەکان کە پلانی بۆ دانراوە لە پارێزگای دهۆك، بنیاتنانی ٩ لەم کەمپانە دەستی پێکردووە. گفتوگۆکان لەبارەی دامەزراندنی ئەو پێنج کەمپەی کە ماوە لەبەرەو پێشچوون دان.

- شەش کەمپ بنیاتنراون یان دووبارە نۆژەنکراونەتەوە لە پارێزگاکانی دیالە و میسان و بەسرا.

- کەل و پەلەکانی کە ماددەی خۆراکی نین دابەشکراون بەسەر زیاتر لە ٢٥٠٦٧ خاوەن ماڵ لەوەتەی مانگی ١ی ئەیلول، لەوانە وەکو کەل و پەلەکانی چێشتخانە کە ١٥٠٠ دەستە دەبن و ٩٨٠١ پێداویستی خەوتن.

- ٥٨٧٣ ئاوارە کەل و پەلی ناخۆراکیان وەرگرتووە و پێداویستیەکانی ناوماڵ لە بابل و بەسرا و میسان، ٧٦٣٤ ئاوارەی تر لە هەرێمی کوردستان – عێراق بەشێوەیەکی سەرەکی فەرش و پێخەفیان وەرگرتووە. دابەشکردنێکی تر هەبوو لە کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ ٤٠٢٠ ئاوارە لە سەرتاسەری ١٠ پارێزگاکان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- هەندێ لە پەرەپێدانی کەمپی ئاوارەکان تاوەکو ئێستا نەگەیشتوتە کەمترین ستانداردەکان.
- هەندێ لە ٢٦ شوێنەکانی کەمپی ئاوارەکان پاڵپشتی دارایی پێویستیان نیە، و نە بەڕێوەبردنی کەمپیش دەستنیشان کراوە بۆ ئاژانسێك.
- کەمی تەباغی کیرۆسین بەردەوامی هەیە و لەگەڵ دەستەکانی چێشتخانە.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- لە کۆی ٩ نەخۆشخانە لە پارێزگای سەلاحەددین، تەنها دوو نەخۆشخانەی قەزاکانی (سامەڕا و بەلەد) ئێستا بە تەواوی کاردەکەن. نەخۆشخانەکانی تکریتی فێرکاری و بێجی و دووز خزمەتگوزاری فریاگوزاری کەمتر دابین دەکەن بەهۆی کەمی ستافی پزیشکی.

- بەشی تەندروستی کەربەلا لە ڕۆژی٩ی ئەیلول ڕایگەیاند کە لە مانگی ئابدا، نزیکەی ٦٠١٥٠ ئاوارە ئامادەییان هەبوو لە باڵەخانەکانی تەندروستی جۆرا و جۆر، لەوانە ٢٣ نۆرینگەی کاتی و ٢٧ تیمی گەڕۆك.

- مووشەکێك، لە سەرچاوەیەکی نادیار، ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی تێکشکاند لە پارێزگای ئەنبار لە قەزای کەرمە.

**هەڵمەتی کوتانی دژی ئیفلیجی:**

- وەزارەتی تەندروستی، بەهاوکاری لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف هەڵمەتێکی کوتانی دژی ئیفلیجی نیشتمانی پێنج ڕۆژەیان بە ئەنجام گەیاند کە ٥٫٨ ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی ٥ ساڵی کردە بەرنامەی کاری خۆی لە ڕۆژی ١٤ی ئەیلول. دوو حاڵەتی ئیفلیجی لە بەغدا پشتڕاستکرانەوە لە سەرەتای ئەم ساڵ. ئەمە نۆیەمین هەڵمەتی کوتانی منداڵانە لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤ و دەسەڵاتدارانی تەندروستی پلانی زیاتر دادەنێن لە مانگەکانی داهاتوو بۆ بەهێزکردنی بەرگری لە نێوان منداڵان.

- هەڵمەتی کوتان لە ڕێگای دەم و دژی ئیفلیجی بۆ ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار جێبەجێکرا لە نێوان ٣ تاوەکو ١٢ی ئەیلول.

- نەخۆشخانەی سنجار و کەرتی تەندروستی نەیانتوانی بەژداری بکەن لە هەڵمەتی کوتان بەهۆی کەمی ستاف. کەرتە تەندروستیەکانی باج و بلێج منداڵانی گوندەکانی سنجاریان کوتاوە.

- لە پارێزگای سەڵاحەددین هەڵمەتێکی کوتان دەستی پێکرد لە ١٤ی ئەیلول لە دووز و شرگات و ڕۆژی دواتر لە تکریت. هەڵمەتەکە خشتەی بۆ دانراوە کە دەست پێ بکات لە بێجی لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا. کوتانی زۆر کەم لە پارێزگای کەرکوک هەبووە.

**چاودێری کردنی نەخۆشی:**

- کەمی کلۆرین بۆ چارەسەرکردنی ئاو زیانی بە هەندێ پڕۆژە گەیاندوە، بە تایبەتی لە قەزای حەوێجە و لە پارێزگای ئەنبار.

- لە پارێزگای کەرکوک نیگەرانی هەیە لە بارەی کۆنترۆڵکردنی ڕێك و پێك و سیستەمەکانی وەڵامدانەوە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان

وەڵامدانەوە:

- ڕێکخراوی ناحکومی فریاگوزاری لە باڵەخانەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی خانەقین کارەکان بەڕێوەدەبات.

- گروپەکە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی دهۆکی کرد لە ناردنی ٥٠ پەرستار بۆ نۆ نەخۆشخانە و نۆرینگەکانی تەندروستی گشتی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆ ٧٠٤٠ نەخۆش دابین دەکەن لەوانە ٤٥٦٥ ئاوارە دەبن. ١٥ تیمی پزیشکی گەڕۆك هاوکاری بۆ بەشی تەندروستی دهۆك دابین دەکەن.

- لە ١٤ی ئەیلول گروپەکە نێردەیەکیان بۆ کەرکوك جێبەجێ کرد تاوەکو هاوکاری دامەزراندنی باڵەخانەیەکی نۆرینگەی تەندروستی گشتی بکات لە کەمپی نوێ ی لەیلان، پێشبینی دەکرێ کە ٨٠٠٠ ئاوارە لە خۆ بگرێت.

- گروپەکە کۆبوونەوەیەکی چارەگی گرێدا لەگەڵ نوێنەرانی بەشی تەندروستی حکومەت بۆ باسکردن لە ئەگەری کۆنترۆلی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا و کاری ڕێگرتن وەربگیرێ هەتا ئێستا.

- هاوکارانی گروپەکە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی جیهانی بۆ پەنابەران کۆبوونەوەکانیان گرێدا بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دکتۆر و نۆرینگەکانی دهۆك و پەرستار و دەرمانسازان و هاوکارانی دەرمانخانە و دەرمان وەرگرتن دانانی پرۆگرامی تی بی.

- دووبارە نۆژەنکردنەوەی کەمپی ئاوارەی بەحرکە لە پارێزگای هەولێر باڵەخانەی نۆرینگەی تەندروستی گشتی تەواوکراوە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- کەمی دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیە درێژخایەنەکان و کەمی ستافی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە بەهۆی لێشاوی ئاوارەکانەوە هاتۆتە کایەوە ڕاپۆرت کراوە لەسەرتاسەری هەرسێ پارێزگاکە.
- بۆشاییەکی زۆر گرنگ هەیە لە فراوانکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە باڵەخانە تەواو نەکراوەکان و شوێنی کراوە ژیان بەسەر دەبەن.
- نەخۆشخانەی سامەڕا پێویستی بەپەلەی بە ئامێری نەشتەرگەری هەیە.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- ئاوارەکان بەردەوامن لە ڕاپۆرتکردنی پێویستی بۆ هاوکاری دارایی تاوەکو بدرێتە شوێنی حەوانەوە و تێچوە سەرەکیەکانی تر.

وەڵامدانەوە:

- بەردەوامی هەڵسەنگاندنەکانی چاودێریکردنی پاراستن لەوەتەی مانگی شوبات جێبەجێ کراون بۆ ٣٥٤٥٥٧ کەس ٥٥٣٦٥ خێزان): ١٠٢٢٣ حالەت سەلمێنراون بۆ هاوکاری دارایی، ١٥٠٠٨ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە، و ڕەوانەکردنی ٥٤١٤ کەس ئەنجام دراوە کە خاوەن پێداویستی تایبەتن. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکاری دەروونی بۆ ٨١٧٣ منداڵ و ١٢٤ قوربانی سێکسی و شێوەکانی تری توندوتیژی لەسەرە بنەمای ڕەگەزی دابین کراون. ١٣٧١٣ پێداویستی ئافرەتان دابەشکراون بۆ ئەو خەڵکانەی کە دەناڵێنن بەدەست توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.
- هاوکاری کەل و پەل و تەکنیکی بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەت دابین کراوە لە پارێزگای سلێمانی بۆ تۆمارکردنی ئاوارەکان.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- گۆڕانی بەردەوامی ململانێ ی هێلەکانی پێشەوە ڕێگا بە هەندێ ئاوارە دەدات کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. ئەمە دەستنیشانی پێویستیەکانی بۆ دانانی چاودێریکردنی پاراستن و هاوکاری بۆ ئاوارە گەڕاوەکان.
- ڕاپۆرتەکان ڕوولەزیادبوون دان لەبارەی دەرکردنی ئاوارەکان لە موڵکی تایبەتی لە دهۆك. لێکۆڵینەوەکان پێویستن بۆ بڕیاردان لە هۆکارەکانی دەرکردنەکان و پەرەپێدانی وەڵامدانەوەکان یان دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێك بۆیان.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- خزمەتگوزاریە دەروونی و تەندروستیەکان بۆ منداڵان و مامۆستایان پێویستی بە لێکدانی لەگەڵ وەڵامدانەوەی پەروەردەیی هەیە.
- کردنەوەی زۆربەی قوتابخانەکان بۆ ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤، بەتایبەتی لە شاری دهۆك، دواخراوە بەهۆی داگیرکردنی باڵەخانەکانی پەروەردە لەلایەن ئاوارەکانەوە.
- داعش لە ناوچەکانی کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە بابەتەکانی هونەر و مۆسیقا و خوێندنی کۆمەڵایەتی و مێژوو و زانستی دەروون ناسی و زانستی فەلسەفەی لاداوە لە نێوان بابەتەکانی تر لە مەنهەجی پەروەردەی نیشتمانی.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە نۆژەنکردنەوەی ١٢ قوتابخانە لە شاری هەولێر و نزیکەی ١٩٩ قوتابخانە لە شاری دهۆك. هەڵسەنگاندنەکانی ژێرخان لە شارەکانی دهۆك و هەولێر جێبەجێ کراون. نزیکەی ٦٤٠٠٠ منداڵ سوودمەند دەبن لە دووبارە دامەزراندنەوە و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە پەروەردەییەکان.

- لە کەمپی بەحرکە (هەولێر) ٣٩٨ منداڵ (١٩٥ کور و ٢٠٣ کچ) لە چالاکیە پەروەردەیی و داهێنان ئامادەییان هەیە. هەروەها لە شاریەی دهۆك ١١٢٥ منداڵ لە چالاکی هاوشێوەی داهێنان ئامادەییان هەیە لە سەنتەرەکانی گەشەپێدان.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- نا هەموو ئەو منداڵە ئاوارانەی کە لە کۆمەڵگای خانەخوێ دەژین تەمەنی قوتابخانەن بتوانن ئامادەییان هەبێ لە قوتابخانەکان بەهۆی قەرەبالغی، یان زمان یان کێشەی خێزان.

- ئاوارەبوون و نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە هەندێ ناوچە ڕووبەڕووی کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاری دەبنەوە.

## کەل و پەلەکان

پێویستیەکان: .

- پرۆگرامی وەرزی زستانەی مرۆیی وولات خشتەی بۆ دانراوە کەوا دەست پێبکات لە ماوەی هەفتەکانی داهاتوو. گروپی کەل و پەل کۆگای زیاتر و توانای گواستنەوە ئامادە دەکات.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە یەك گەشتی ئاسمانی وەرگرتووە لە کۆگای وەڵامدانەوەی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کەل و پەلی ناخۆراکی هەڵگرتبوو بۆ هەشت ڕێکخراوی ناحکومی و پاککراوەتەوە لە ڕۆژی ٩ی ئەیلول لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

- بریار وایە ئەو کەل و پەلەی کە ماوەتەوە لە بەخشینەکانی دوولایەنەی مانگی ئاب کە کۆدەکرێنەوە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا لەلایەن هاوکاری حکومەت بۆ دابەشکردنی بەسەر سوودمەندبووان لە هەولێر.

- ئەفسەرێکی کەل و پەل نێردراوە بۆ گروپی کۆگای دهۆك تاوەکو هاوکاری هاوکاران بکات.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- گروپی دابینکارانی کەل و پەل بەردەوامە لە زیادکردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ دابینکردنی هاوکاری بۆ هاوکاران لە گەشەپێدانی تواناکانی کەل و پەلەکان.

- خەزنکردنی زیاتر و گواستنەوە داواکراوە بۆ هاوکاریکردنی بەرزبوونەوەی ئێستا و پێشبینی دەکرێ کە گەیاندنی ماددەکان زیاد بکات بۆ پرۆگرامی وەرزی زستان.

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی دەکات لە گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان. دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان سەلامەتی و ئەمن و ئاسایشی ستافی مرۆیی مەیدانی باشتر دەکات، لەو کاتەی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە کەمپی ئاوارەکان ڕێگا بە ڕێکخراوەکان دەدات کە پەیوەندی و بەڕێوەبردنی هەماهەنگی بە شێوەیەکی کاریگەر تر ئەنجام بدەن.

وەڵامدانەوە:

- پلانەکانی گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بۆ ناردنی خزمەتگوزاری فریاگوزاری پەیوەندیە ڕادیۆیەکان لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك. پاڵپشتی گرێدانی ئینتەرنێت دابین کراوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆیی لە کەمپە گواستراوەکانی عەربەت و دۆمیز و کەمپی زیاتر پلانی بۆ دانراوە لە دەوروبەری شارەکانی دهۆك و سلێمانی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- کەمی گەشتەکانی بازرگانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان – عێراق هێنان و ناردنی ئامێری ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای زۆر گرنگ و ئامێری پەیوەندی دوورە دەستی دواخستووە.

# ڕێکخستنی گشتی

فرە ئاژانسێکی هەڵسەنگاندن بەم دواییە بەڕێوەچوو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی بەرەپێدانی ڕاگەیاندن بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی پەیوەندی کردن و پێویستیەکانی زانیاری بۆ کۆمەڵگا ناوخۆییەکان. ئێستا دەستگەیشتن بە زانیاری لەلایەن کۆمەڵگاکان بۆ ڕووداوە خێراکانی عێراق بە شێوەیەکی خراپ سنوردارە. هەڵسەنگاندنەکە بەهێزکردنی پەیوەندیەکان لە نێوان هاوکارانی مرۆیی و کۆمەڵگا ناوخۆییەکانی کە دۆزیویەتەوە ئەمرێك بوو لە واقع دا.

پێویستیە سەرەکیەکانی زانیاری ئاوارەکان بریتین لەمانە:

- زانیاری لەسەر ئەندامانی خێزان لە شوێنی زێدی خۆیان.
- زانیاری لەسەر هەبوونی هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان، لەوانە پێوەر و ڕێ و شوێنی تۆمارکردن.
- زانیاری لەسەر دووبارە سەقامگیربوون و ڕێ و شوێنەکانی داوای مافی پەنابەرێتی.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای مۆبایل لەلایەن ئاوارەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان، بەتایبەتی بۆ پەیوەندی کردن بە ئەندامانی خێزان و خزمەکان بەڕاستەوخۆ، میکانیزمێك دابین دەکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی زانیاری. هەرچەندە، ئەمەش مەترسی پروپاگەندەی بەهەڵە لێکتێگەیشتن و پروپاگەندەی نەپشکنراو، دەبێتە هۆی مایەی ئاڵۆزی بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی.

لە ژینگەیەکی کۆمەڵگای ململانێ زۆربەی جار بۆچوونەکان کلیلی سەرەکین بۆ وەڵامدانەوەیەکی مرۆیی کاریگەر، لەوانە دەستگەیشتن بە مرۆیی. میکانیزمێکی هەڵسەنگاندن بۆ کۆمەڵگاکان بۆ هاوکارانی مرۆیی بە پێویست زانراوە و وەکو ئاسانکاری بەپەلە.

دۆزراوەتەوە کە بۆشایی زانیاری بەتایبەتی بۆ ئافرەتان زۆر گرنگە. لە هەندێ ناوچە ئافرەتان ڕاپۆرتکراون کە دەستگەیشتنی ڕاستەوخۆیان نیە بو کەنەڵەکانی پەیوەندی، وەکو مۆبایل و تێگەیشتنی سنوردار لەبارەی نیگەرانی هەبوونی هاوکاری لەلایەن کۆمەڵگای مرۆیی.

**Link:** http://www.cdacnetwork.org/i/20140917162422-moeda

**For further information, please contact:** :

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

**Barbara Manzi,** Head of Office, manzi@un.org,

Mobile Iraq: +964 (0) 750 312 9201

For more information, please visit https://iraq.humanitarianresponse.info

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چککدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و سنجار و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ریاز و فەلەجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەبووان هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.